بەرپرسیارێتی مێژوویی پاراستنی سەربازگەی تۆپزاوە، لە ئەستۆی وەزیرانی کوردە لە حکومەتی عێراق

بەڕێزان:

* فۆئاد حوسێن . وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق

* د. خالید شوانی . وەزیری دادی عیراق

* بەنگین ڕێکانی . وەزیری شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە

* نزار ئامێدی . وەزیری ژینگە

وەك دەزانن، سەرپازگەی تۆبزاوە، هێمای دەرندەیی ڕژێمی بەعسی فاشیست بووە و هەر شوێن و جێگەیەکی ئەو سەربازگەیە، چیرۆکێکی تراژیدیای ئەنفال و بەڵگەی ئەو تاوانە دەرندەیە دەگێڕێتەوە، کە دەرهەق بە گەلی کورد لە تاوانی ئەنفالدا ئەنجامدرا.

لەگەڵ ئەوەی دەبوو، هەر لە دوای ساڵی (2003)ەوە، سەربازگەی تۆپزاوە بکرایە بە مۆنۆمێنتێکی شایستە بە قوربانیانی جینۆساید و تەواوی دۆکۆمێنت و بەڵگەکانی تاوانی ئەنفالی تێیدا بخرایەتەڕوو، بەڵام بەداخەوە بەهۆی بێباکی و کەمتەرخەمی حکومڕانانی کورد، ئەو شوێنە گرنگە پەراوێزخرا.

لە ئێستاشدا، مەخابن ماوەی سێ ساڵە، وەزارەتی بەرگری و سوپای عێراق، چاوی تەماعی بڕیووەتە سەر (سەربازگەی تۆپزاوە) و بێ رەچاوکردنی باری دەروونی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالکراوان، دەیەوێت جارێکی ئەو شوێنە بکاتەوە سەربازگە و سوپای تێیدا جێگیری بکات.. جاری یەکەم لە مانگی 10 ساڵی (2021) و جاری دووەم، ماوەی دوو هەفتەیە ئەم پرسە، لەلایەن سوپای عێراق سەریهەڵداوەتەوە.

دوایین پێشهات، کە زانراوە، بڕیاری دووبارە بە سەربازگاکردنەوەی (سەربازگەی تۆپزاوە)، وەک بڕیار ڕاگیراوە نەك هەڵوەشێندراێتەوە، ئەمەش چارەسەری بنەڕەتی نییە و جۆرێکە لە چارەسەری ئازارشکێن (مسكنات)، چونکە جاری پێشوو لە ساڵی (2021) بڕیارەکە راگیرا و هەڵنەوەشێنرایەوە و دەرئەنجام لەم ماوەدا، جارێکی ئەو پرسە هاتە ئاراوە.

وەك ئاشکرایە، پاساوی وەزارەتی بەرگری و سوپای عێراق، ئەوەیە کە زەوییەکانی سەربازگەکە موڵکی وەزارتی ناوبراون، لە کاتێکدا ئەو زەوییانە موڵکی جوتیارانی کوردن و لە ساڵی هەشتاکان بە بڕیاری (مجلس قيادة الثورة)ی هەڵوەشاوەی رژێمی بەعس و دوور لە هەموو بنەمایەکی یاسایی، بە زۆر خاوەدارێتی زەوییەکان لە جوتیارانی کورد سەندراوەنەتەوە و کراون بە موڵکی دەوڵەت و دواتریش سەربازگەکەی لەسەر بنیادنراوە.

هاوكات ئەم هەنگاوەی وەزارەتی بەرگری و سوپای عێراق لە دووبارە بە سەربازگەکردنەوەی (سەربازگەی تۆپزاوە)، دوو پێشێلکاریی زەق یاسایی و کارگێڕی لە خۆدەگرێت:

یەکەم: پێشیلکردنێکی ئاشکرای بڕیاری ژمارە (30) ساڵی (2012)ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە تایبەت بە پەسەندکردنی پرۆژە یاسای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی (مجلس قيادة الثورة) و ڕەوانەکردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە بە پەسەندکردنی ئەو پرۆژە یاسایە لە ئەنجومەنی نوێنەران، خاوەندارێتی زەوییەکانیش بۆ جوتیارانی خاوەن ڕەسەن دەگەڕێتەوە.

دووەم: پێشێلکارییەکی زەق بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە دۆسیەی ئەنفالە، کە تێیدا بڕیاری قەرەبوکردنەوەی مەعنەوی قوربانیانی دەرکردووە و پاراستنی ئەو سەربازگەیەش لە چوارچێوەی ئەو قەربووە مەعنەوییەدا دێت، کە یادەوەرییەکانی تاوانی ئەنفالی هەڵگرتووە.

بۆیە ئێمە وەك چالاكوانان و نووسەران و ڕێکخراوەکانی بواری جینۆساید و کەسوکاری ئەنفالکراوان، بەرپرسیارێتی مێژوویی پاراستنی سەربازگەی تۆپزاوە وەک یادەوەرییەکی تاڵی تاوانی ئەنفال، دەخەینە ئەستۆی ئێوەی وەزیرانی کورد لە ناو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و  داوا دەکەین:

یەکەم: پرسی سەربازگەی تۆپزاوە لە ناو کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بورژێنرێت و بڕیاری یەکلاکەرەوەی ئەنجومەنەکەی بۆ دەرکرێت، کە بە هیچ شێوەیەك ئەو شوێنە نەکرێتەوە سەربازگە.

دووەم: ئەم یاداشتەی ئێمە وەك چالاکوانان و نووسەران و ڕێکخراوەکانی بواری جینۆساید، بخرێتە بەردەست ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، بە ئامانجی بە مۆنۆمێنتکردنی سەربازگەی تۆپزاوە، بە جۆرێك بکرێتە مۆنۆمێنتێکی تایبەت بێت تەنها بە تاوانی ئەنفال.

سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران، قەربووی مادی جوتیارانی خاوەنی ڕەسەنی زەوییەکانی سەربازگەی تۆپزاوە بکات.

لە کۆتاییدا جەخت دەکەینەوە، ڕاگرتنی بڕیار تەنها جۆرێکە لە ئازارشکێن (مسكنات) و پرسی سەربازگەی تۆپزاوە پێویستی بە بڕیاری یەکلاکەرەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و لەم پرسەدا دەتانخەینە بەردەم بەرپرسیارێتی مێژوویی بەرانبەر بە رووحی قوربانیانی ئەنفالکراوان و کەسوکارییان.

چالاکوانان و نووسەران و ڕێکخراوەکانی بواری جینۆساید:-

ناوەکان :

1- ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید

2. ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید- چاك

3- رێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال

4. تۆڕی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی - **koncicc**

5. ڕێکخراوی هەڵمەتی دادپەروەری **ojc**-

6. ڕێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان

7. ڕێکخراوی باران بۆ پرسی ئەنفال

8. ناوەندی داکۆکی پشدەر بۆ قوربانیان و جینۆسایدکراوان

9. تۆڕی ئایکان کوردستان – **ikn**

10. ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان – **oawmd**

11. گۆڤاری تۆپزاوە

12. ڕۆژنامەی نوگرەسەلمان

13- ڕێکخراوی جیهانێکی بێ چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی

14. هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان

15. ڕێکخراوی کار بۆ ئەنفال

16. ڕێکخراوی بەرگری لە قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

17- کۆمەڵەی داکۆکی لە پرسی ئەنفال

18. هێمن حەسیب ـ چالاکوانی بواری جینۆساید

19. عەلی مەحمود محەمەد ـ چالاکوانی بواری جینۆساید

20. د. عەبدولرحمان کەریم دەرویش ـ زانکۆی سۆران

21- دکتۆر فاتیح سەنگاوی ـ نووسەرو توێژەر لەبواری پرسی ئەنفال

22. عەدالەت عومەر ـ نووسەرو لێکۆڵەری بواری جینۆساید

23. گەردە مامە حمە ـ چالاکوان

24. محەمەد عەلی ـ ڕزگاربووی شاڵاوەکانی ئەنفال

25. قاسم کازم ـ چالاکوانی بواری جینۆساید / کوڕی ئەنفالکراو

26. فوئاد عوسمان ـ نووسەر و چالاکوانی بواری جینۆساید

27. هەژار هوشیار بەرزنجی ـ توێژەری بواری جینوساید

28. ڕۆژان شەهید حەمەڕەش ـ ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

29. پارێزەر ئارام محمد ـ سەرۆکی رێکخراوی باران بۆ پرسی جینۆساید

30. شاخەوان قادر شۆرش ـ نووسەری بواری جینۆساید

31. دیمەن محەمەد ـ چالاکوانی بواری جینۆساید

32. مەلاشاخی ـ نووسەر و رۆژنامەنووس

33. هەڵمەت هۆشیار ـ رۆژنامەوان

34. سەلاح کەرکووکی ـ رێکخەری کاروباری ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید لە سوید

35. ئیبراهیم هەورامانی ـ نووسەری بواری جینۆساید

36. عەلی بەندی ـ نووسەرو لێکۆڵەری بواری ئەنفال

37. ئەحمەد مەجید ـ چالاکوانی بواری جینۆساید / کەسوکاری ئەنفالکراو

38. حازم محەمەد بلەیی ـ نوسەرو چالاکوانی بواری جینۆساید

39. سامی بنیامێن ـ نوسەرو چالاکڤانی بواری جینۆساید

40. حیکمت فائق ـ خاوەنی ١٠ شەهیدی کیمیاباران لە خێزانەکەم

41. عادل مەلاساڵح ـ ئەندامی دەستەی جینۆساید لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

42. خەبات عەبدوڵلا ـ نووسەری بواری جینۆساید

43. جەبار ئەحمەد ـ توێژەری بواری جینۆساید

44. ناجی تالب ـ مامۆستا

45. محەمەد سەید ـ فلیمساز

46. هابیل ئەحمەد کەریم ـ بەڕێوبەری مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ

47. سالار مەحمود ـ سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستان